کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
5-11-2007 1:37:32 بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## داگیرکەران ... ئەحمەد دەشتی



هەوایەکی نەفەس برم لە بۆ دێتن
دەنگی پیسی داگیرکەرە
لە سەر وارو هەواری خۆم دڵ دەگرێتن
کردەو هەستێکی زۆر چڵکنە
بە هیچ کلۆجێ لێم نابڕێتن
ساڵەهایە دەنگی ڕەشی داگیرکەرە
دژ بە گەل و خاکی کوردن
لەو مەڵبەندە ساڵەهایە وا بۆم دێتن
هەرچەند دەکەم پشوێ بدەم
لە ناو لانەو کاشیانەی خۆم
بە ئازادی چاو هەڵبرم و
منیش بۆ خۆم وەک سەربەستان
هەواری خۆم وەپێش بخەم
کوردستانم ئاوەدان کەم
سەربەخۆییم دابین بکەم
کەچی دەستی داگیرکەران لێم نابڕێت و
لە گشت لاوە پەست وتەرس
بە هێرش وپەلامار و چەوسانەوە
دەستێ ڕەشیان درێژ دەکەن
دژ بە هەموو یاسای ژیان
نامەردانە دێنە سەرم دەمرەتێنن
لەم چەرخەش دا نامرۆڤانە
ڕیی ئازادی و سەربەخۆییم لێ ون دەکەن
وا دەزانن کە دکارن گەل و خاک و
مافی ژینم بۆ هەمیشە داگیر بکەن
بگرن بکوژن خاپور بکەن
قەت نازانن کە ڕۆژێ دێت
جەستەی گلاویان دەکەوێتە
زبڵدانی دیرۆکەوە و لە ناو دەچن
هەرچەند خاوەن توانا بن بۆ کوی دەچن
کێ دڕندەو هێرش بکات بۆ کورستان
بکوژی و ببڕێ ڕۆلەی کوردن
نابن بەچی ناگەن بەچی تێک دەشکێن
لە چیاکانی کوردستانم هەڵ دەدێرێن
دەبنە پەند و وەک سەدام و گشت نەیاران
مەرگی خۆیان دابین دەکەن
دە بڕۆن دەبڕۆ داگیرکەران
بەسە کورستانم وارا منە
خاکی کوردە وبەشی منە
چارە و ون کەن لە کوردستان
ناگەن بەچی، دەبنە پەندی ڕۆژگارانمان
هەڵ دەدێرێن لە چیاکانمان
کوردیش دەبی سەربەخۆ وو ئازادەبێت
لە ناو خاک و هەواری خۆی
سەربەخۆیی وەدی بێنی
دەستی نەیار لە بن ببڕی و

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی رۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
5-11-2007 1:37:32بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

پێشکەوتن وئارامی ژین وەدەست بێنی
1.11.2007 هەولێر . بە یادی نیازی هێرشهی نارەوای داگیرکەری تورک